# قژت وەک

# کوڵارە بۆ من دەفڕێت

پەنجا و یەک کورتە ڕاز


نوسینی

**شێرزاد هەینی**

# قژت وەک کۆلارە بۆ من دەفڕێت

## پەنجا و یەک کورتە راز

**نوسینی: شێرزاد هەینی**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوەی: دیلان باران**

ئەو کۆلارانە، ئەو وردە رازانە،

چاپی ئەلکترۆنییە

ئەوەی بۆ خوێندنەوەیان داوای بکات،

بەئاسانی بۆیان دەفڕێت

بەڵێنم پێ بدە:

ئەوانە نازانم بۆکێ نووسراون، کەی نووسراون، بۆ نووسراون! بڕوا بکەن، نازانم! ئەوانە، کۆکراوەی وردە پەیڤ و پەیامن، ئەوەش نازانم چۆن وەرگیراون و چەند گەیشتوون، چەند ماونەتەوە، ئەوانەش نازانم. بەڵام ئەوەی دڵنیام و بەڵێنم پێدراوە و دەزانم، لە کەنارەکان لەنگەریان گرتووە، بڕیارە لەسەرلم و لە ناو چاو و لەگەڵ هەناووهەناسەکانیان بیانپارێزن، پیرۆزە ئەوکەنارە کە دەمخنکێنێت و نامخنکێنێت .

شێرزاد هەینی هەولێر
٢٠١٩/١٠/٣١

1

# گوڵە گەنم

کافرە ئەوەی،
ئەو گوڵە زەردە، دەژاکێنێت،
نەزانە ئەوەی،
ئەو دەفتەرە تەنکە، دەدڕێنێت،
هەژارە ئەوەی،
ئەو گوڵە گەنمە، دەسووتێنێت،
زۆریش دەوڵەمەندە ئەوەی،
ئەو مێخەکبەندە لەگەڵ زێڕباش دەحەملێنێت.



٢

# دەمــار

قسەت لەگەڵ نەکەم و تووڕەش بم،
بە دەستی من، چرای ژوورەکەت دەکوژێتەوە.
بە حەلالیش هاوسەرت نەبم،
بە حەرامی و شیرینی، یان بە ڕەزامەندی چاوەکانت،
پاش مردنم بۆ تۆ دڵم، ڕۆحم دەبوژێتەوە.
دووریش بم، بترسێم، پیاویش نەبم،
هەرلەگەڵ تۆ، دەماری سیسم هەڵدەستێتەوە.
بڕۆم، نەڕۆم، وەڵامت بدەمەوە، یان نا،
من بێ تۆ، تۆش بێ من، تەمەنمان دەسڕێتەوە.



# ٣

## فڵچە

نازانم ڕۆیشتی،
یان بۆگەمەکردن خۆت شاردوتەوە!
دەزانم،
تا سڵاوێکی گەرمم لێ نەکەیت،
ناڕۆیتەوە!
خۆ بەو شەوە بێ ڕووناکی من،
فڵچە و مەعجوونت نادۆزیتەوە!
وەرە، وەک گوێی پشیلەیەک، لێوتم نیشان بدە،
بە لێوی یەکتری نەبێت،
دەم و ددانمان، پاک نابێتەوە!



٤

# رەگـەز

تۆم دەوێ، لەناو چاوەکانم
گوارەیەکی ونبووی منداڵی خۆت بدۆزیتەوە.
تۆم دەوێ، لەناو دەستم نەرم نەرم
مووی قژی بۆنداربە خەنە،
لە پەنجەکانم بکەیتەوە.
تۆم دەوێ، کە کتێبێکم کڕی،
بەشەیدایی، چاوەکانت بۆم بخوێنێتەوە،گیانە تۆش منت دەوێ،
تا رەگەزی پیاو لەبەرچاوت هەرگیزرەش نەبێتەوە.
گیانە منت ناوێ! نەوەک رۆژێکیان لەسەرخوانیماڵەوەتان،
ناوم، وەک بادامێ، لە دەمت بەربێتەوە.



# ٥

## خـەم

ئەگەریەکسەربۆم نەنووسیت
من شێتی قژی سپی تۆم!
ئەگەرهاوارنەکەیت،
مەڕۆ،
وەرە نزیک بە لە خۆم!
ئەگەربۆم نەسووتێیت
شەوانە وەک مۆم!
ببوورە، ناتوانم چیتر
چاوەڕوان بم وخەم بخۆم.



## ٦

# دێـریـن

من چیم وتووە، وا دەنگت بەیەکجاری نەما
من چیم کردووە، ملوانکەی ملت وا بەئاسانی پچرا
لەبەرچی دڵت لە من هەروا زوو شکا،
من وتوومە تۆ شیرینی
تۆ، نەرم و تۆ بەفرینی
تۆ هاورێی زۆر نوێ و زۆریش دێرینی،
چیم وتووە تووڕە دەبیت!
چیم کردووە، لەبەرچاوی من تۆ دەگریت؟
چونکە وتم:
منت خۆشنەوێ، زۆر زوو دەمریت.



٧

# قـەتـیـس

تۆم بینی بەدیار گوڵێکەوە
گوڵەکە سیس،
تۆم بینی بەدیار پیاوێکەوە
پیاوەکە پیس،
تۆم بینی لە شارێکی دوور،
شارەکە زۆر نەگریس،
کە تۆم بینی، دوورلە خۆم
من پیاوێکی گیراو و قەتیس.



## ٨

# ڤـالاّنـتـایـن

بەیانی جەژنی من و تۆیە،

دەزانم، تۆ پێش من، هەستت بەو جەژنە کردووە.

من دڵێکی سوور، تۆش چاوێکی سووربە گریان

خەمگین مەبە،

هەزاری وەک ئێمە، رۆژیان وا بەسەربردووە.

جەژنی خۆت بکە، سووربکە شاڵەکەت،

وابزانە، شاڵی ملی منە، بەبۆنەوە لە ملت ئاڵاندووە.

بوارنییە، بە ماچێ جەژنانە بکەین،

بڕوا بکە،

بێ ئەوەش، لێوم لە خۆشیا سەدجارگەستووە.



## ٩

## باخ

من دووویّنەی تۆم لەلایە،
وادەزانم یەکێکیان قەڵاتە و ئەوی تریان منارە!
من سێ مانگە تۆ دەناسم،
بەو چەند مانگە، ئەوەندە ئەزیزی ناتگۆڕمەوە بەو شارە!
من سەد جارە دەپرسم، منت خۆشدەوێ!؟
تۆش بەناحەق، درۆش دەکەیت! خۆت دەدزیتەوە لەو پرسیارە!
من، بەوە شانازم، بۆ هەمووکەس تۆ سەرپۆشی،
بەڵام، کە من دەبینیت، قژت بۆ من دەفڕێت وەک کۆلارە!
دەترسم بمسوتێنێت، ئاگری بابەگوڕگوڕی جەستەت،
ئەگەرنا بەئاسانی دەگەمە ناو ئەو باخ و هەنارە!



## ١٠

# فــەرمــوو

تۆ بوویت ئیمشەو لەبەردەم پەنجەرەکەم
تا نیوەی شەو هاتوچۆت بوو؟
تۆ بوویت! ڕێواسە شیعرێکی کوێستانیت
لە فیسبووک بۆم بڕیبوو؟
ئەوە تۆ بوویت، دەهاتی وچاوەڕوان بوویت، پێت بڵێم فەرموو!
نەخێر، من نەبووم، من زۆر دوورم
ڕۆحم بوو، بۆ گەرمبوونەوە دەهاتوو و دەچوو.
باش بوو، بە گەرمبوونەوەی ڕۆحم،
من هاتم، کە وتت، وەرە گیانە کەمێک لە باوەشم بنوو.



## ١٠

خەوتم، خەونی باڵ پەپوولەییم زۆر بینی،
نان و ئاو و گەمەکانیشم لەو خەونە،
تەنها هەردوو مەمکت بوو.
کە لە خەوەکە هەڵسام،
ویستم بڕۆم
تۆ مەچەکت گرتم،
وتت ناکرێ بڕۆیت،
ئەو زەمەنە بەسەرچوو.



١١

# چـرا

لە ژنە چاوزەیتونییەکەم پرسی،
تۆم منت خۆشدەوێ!
وەڵامی نەبوو، هیچی نەگوت.
بەڵام بینم هەردوو چاوی
سوورهەڵگەران، وەک چرایەکی پڕلە نەوت.
گوتم پەلە بکە،
دڵم تەقی، قسە بکە!
گوتی:
تۆ تێناگەیت، وا بەودووچاوە ئەوەم نەمگوت.



## ١٢

# ترسنۆک

تۆ بە شەو باش دەخەویت، من نازانم خەو چییە!
تۆ درۆ دەکەیت، من سەرخۆشم، نازانم درۆ بکەم.
من بەڕاستی تۆم خۆشدەوێ، تۆ بە درۆ دەڵێت تۆم خۆشناوێ!
من ترسنۆکم، تۆوا دەڵێیت:
منیش دەزانم، تۆ ناترسی، بەڵام نازانم بۆ!؟
من بەردەوام سەرمامە، خۆم دەپۆشم،
نازانم بۆ تۆ سەرمات نییە، کە بەیەکەوە دەبین.
جیاوازی من و تۆ لەوەدایە، من شێرم! تۆش مەلاک!
دوو ئاژەڵین، نازانین بەیەکەوە بژین
بەڵام ڕەنگە، بتوانین پاش ماندووبوون، باش بخەوین.



## ١٣

# تـەڵاق

ئەگەر بیرم بکەیت، خۆ من ئەوەندە دوور نیم
من لە ئاسمان و تۆش لەسەرزەوی!
ئەگەر تۆ منت دەوێ، خۆ من نەمردووم، وەرە بتبینم،
دەژیم و ماوم، لەناو زیندانێکی تاریک و نەوی!
چۆن قسەت لەگەڵ بکەم، تۆ ژنێکی موحەجەبەی
بۆیە هەرگیز لەگەڵ من ڕێکناکەوی!
ئەگەر روا بکەین، بەیەکەوە جووت بین، قسە بکەین،
بێگومان هەردووکمان تەڵاقمان دەکەوی!
ژوو انم ئاسان دەبیت، من بۆت دادەبەزیم، تۆش دێیتە ناو
ژوورەکەم، ئینجا دەزانم خەوی خۆشمان لێ دەکەوی.



## ١٤

# سەرکێش

هەرچەند پێمگوت ژنەکە،
چاوەکەت زەیتونە، بەڵام دەپرسم تۆ چی منی،
ئەوهەردەیگوت، من مامۆستا وتۆش موفەتیش!
زۆرجارپێم دەگوت:
ژنە گەردەن لووسەکە، من پیرم وتۆش گەنج
بەسۆزەوە دەیگوت: ڕۆحی خۆمت دەکەم پێشکیش!
ئاگادارم کردەوە، گوتم، دەزانم لەبەرمن خەوت نییە
بۆیەک نابین من وتۆ! بەسە.
بەگەرمییەوە گوتی: ناتوانم، من بۆچاوەکانت دەبم ڕاکێش!
ئەدی گیانە هەرنەدەگوت بەیەکەوە



## ١٤

دوو برادەرین، دوو هاوڕێی نزیک،
ئەدی بۆ، ئێستا وا بوویتە عاشقێکی سەرکێش!
وازت نەهێنا، ئارام نەبووی
تا بۆیەکتری بووینە چاوەڕوان وژان و ئێش!
زمانم قوفڵە و گیراوە چاو و دەست و پێیەکانم،
بۆیە ئێستا، ناتوانم یەک سانتیمەتریش بۆت بێمە پێش!
ئەوەندەم ماوە، یادت بکەم، بتنووسمەوە
هەتا دەژیم و تێمدا ماوە، وزە و هێز و کێش!
دەزانم تۆش، داماو دڵ بەژان دەگریت، چنێو دەدەیت،
پاش من، بڕوات نەماوە بە مێردەکەت و هیچ پیاوێکی تریش!



١٥

# شـڵـەژان

هاتی،
من خەوتبووم دیسان وەرەوە لام
بانگت کردم،
من کەڕبووم دیسان بنێرە پەیام.
پرسیارت کرد،
من لال بووم، بۆیە نیمە وەڵام.
لێوت هێنا،
ماچم نەکرد چونکە زۆرشڵەژام،
دەستت راوەشاند،
وتت دەبیخۆ هەی نەفام.



## ١٦

## تــرێ

کارەبای ژوورەکەت بکوژێنەوە،
من چرایەکم پێیە!
ئوتومبێلەکە بفرۆشە،
لە شانت دەکەم لەورێیە!
جلەکانت ئوتوی مەکە،
شالی ملم بۆ تۆ نەبێ بۆ کێیە!
ئەو، لە ماڵەوە دەربکە، من بۆت دێمە سەرئەو جێیە!
خەم مەخۆ، دووریش بم، بەردەوام ئاگام لە تۆیە!
میوەم ناوێ هەردووچاوت زەیتونە، مەمکت ترێیە!
زەیتونم ناوێ، بەڵام ئەوی تریان کاری پیرۆزم پێیە!

## ١٧

## قــژ

تووڕە مەبە، من ناتوانم بێ وێنەی تۆ
هاوارمەکە، من ناتوانم بێ دەنگی تۆ
شێت مەبە، من ناتوانم بێ رازی تۆ
درۆمەکە، من ناتوانم بێ عیشقی تۆ
مەخەوە، من ناتوانم بێ سینگی تۆ
نانیش مەخۆ، من ناتوانم بێ لێوی تۆ
حیجاب مەبە، من ناتوانم بێ قژی تۆ
بژیم یان ... خۆم بخنکێنم بێ تۆ.



## ١٨

# نــەوت

سەعات دووی شەوە، ئەستێرەکانیش دەگەڕێنەوە، ماڵی گەورەی
خودا، درەنگە و منیش بەپەرۆشەوە،
چاوەڕوانی وێنەی زەیتونی چاوەکانی تۆم!
نانم خوارد، برسیش بوومەوە، مەشروبیشم خواردەوە
تووڕە بووم و ساردیش بوومەوە،
هیچم دەست نەکەوت، وا خەریکە بە فرمێسکی خۆم،
چاوەکانم بشۆم!وا دووجارە خۆم دەگۆڕم،
سێ جارە قووڕگی چاوەڕوانم تەڕدەکەم
تۆش دڵم دەشکێنیت، بۆیە برسیم و ناچارم لەجیاتی نان،
نەوتی کەرکووکی تۆ دەخۆم.

## ١٩

# سەرخۆش

کەلەشێری ناو حەوشەکەیان دەقوقێنێ
چونکە دەزانێت، ژنی ماڵەکە
لەگەڵ پیاوێکە بێ دەستنوێژ
بەردەوامیش بە ڤایبەرقسە دەکات.
کارەبا دەکوژێتەوە،
هێڵی نێتەکەش دەپچڕێت، سست دەبێتەوە،
چونکە دەزانێت، پیاوێکی سەرخۆش
شەوانە ژنێکی بەدەستنوێژ
بێ خواردنەوە وەک خۆی سەرخۆش دەکات.



## ٢٠

# مێرد

من  ئیمشەو ناخەوم، تا تۆ
لە شیرینە خەودا بیت.
نارۆم تا تۆ، لەو مەکتەبە لەناو پۆل و دەرسا بیت.
پیاو نیم، ئەگەر شەیدای تۆ
لەناو حەزم،
بە پەتی درۆوە بەسترا بێت.
حەزم پێیە، بێنە شەیدایی خۆت
وەرە مەترسە، با ژنی من،
دوایی مێردەکەی تۆش، بەسەرمان دابێت.



## ٢١

## بـۆن

عاشق بیت، شێت دەبیت ئاسایيە
بەڵام کە شێتێک عاشق دەبێت
دارستانەکان گڕدەگرن.
پیاوێکی سەرسپی قسەی شیرین دەکات،
بەڵام کە قسە بۆژنێک دەکات
باڵندەش بە شەو، بەورازە باڵ دەگرن.
ژنێکی ناسک، دەتوانێت مل وگەردنی بۆنداربکات
بەڵام کە بۆنەکە بۆژووان بێت،
پێش پیاوەکە، بۆنەکە خۆی شێت وهاردەکات.

## ٢٢

# زەیـتـون

زەیتونی تۆ، لەناودەمی من، زۆر شیرینە،
نەرمە، گەرمە، زەرد و سەوزو شینە،
زەیتونی تۆ، بە لقی دارێکەوە نەماوە
وەک پەپولە لەناودەستم هەڵکورماوە.
هەڵنافڕێت و ناچێتەوە دەوام،
لەبەرمن ناجولێتەوە و ناچێتە حەمام،
شەوانە ناچێتە باوەشی ئەو،
پێی خۆشە بە فستانێکی پەمبەوە بێتە لام،
شەوە و دەترسێ بچێتە مەتبەخ،



## ٢٢

نەوەک پشیلەی من گۆشتە نەرمەکەی بخوات بەتام،
بخۆم گۆشتت!؟
سەربجولێنە و بڵێ بەڵێ
لە تۆ حەڵالە لە خەڵکیش حەرام.



٢٣

# سەفەرمەکە

دڵتەنگ مەبە کە دەڕۆم، بە هاتنەوەم شایی دەکەیت،
دەستم دەگریت، شانت لە شانم دەدەیت.
خەمبارمەبە دەڕۆم، کە هاتمەوە،
هەموو دووریيەکان لەبیردەکەیت.
بەو دوو چاوە زەیتونییە قۆڵبەستم کە،
پێم بڵێ، فەرمووبزانە چۆن دەتوانی سەفەربکەیت.
سەفەرمەکە، بەوسەفەرە من دێمە سەرسفرو
هەمووژیانم لێ تاڵ دەکەیت.
بە دووڕۆژ، وەک پشیلە هاتیتە ناومەتبەخەم و
بەشە گۆشتی خۆت برد، منیش پەریشان دەکەیت.

٢٤

# دەرباز

ژنێکی تەڕوەک ماسی
ئەرێ تۆ چەند ساڵە من دەناسی؟
وەرە بتخۆم،
بەو شەوە ناکرێ لە من هیچ بترسی
دەتخۆم،
ئەو شەوە دەربازت نابێت لە منی برسی.




٢٥

# بــاران

بەتەنها مەمکوژە،
من گوناحم
وەرە تۆش، با بەیەکەوە بمرین.
بەتەنها لەبەرباران جێمەهێڵە
وەرە،
با بەیەکەوە ئاوی یەکتر بسڕین.
تووڕەم مەکە،
دوورمەکەوە،
با سەرم لەسەرسینت بێت وزۆرتر بژین.



## ٢٦

## دۆزەخ

ناخەوم و دەمرم
ئەگەرتۆ وەک فریشتەیەک
لەسەرشانم و لەناو دەستم نەنیشیت!
نامدۆزیتەوە،
نامخوێنیتەوە،
ئەگەرتۆ، وەک پێکێکی سپی
لەسەرلێوم،
لەبەردەمم کە دەنووسم،
دیارنەبیت!

## ۲۷

# فەریک

شەوێک لەگەڵ من بە، دەزانیت
بەهەشت چەند نزیکە،
پەنجەرە دەکەینەوە،
دەزانین ژوورەکەمان چەند تەسک و باریکە،
ساتێک وەرە با دانیشین
لەو باخچەیە بزانە
هەنگ چۆن لەگەڵ شیلەی گوڵ خەریکە.
من گوڵی تۆ، تۆش دڵی من
بەیەکەوە دەزانین دڵمان تازە نوێ و فەریکە.



## ٢٨

## سایە

بەقوربانی ژنێک دەبم،
بۆ من بویتە سیبەرو سایە
بەقوربانی چاوێک دەبم،
وەک زەیتون لەناو دەمم دایە
بەقوربانی ژنێک دەبم،
دە ساڵ تەمەنی بۆ من دانایە
بەقوربانی ژنێک دەبم،
بەیەکەوە دەژین و کۆتایی نایە
بەقوربانی ژنێک دەبم، گوناحە وزۆربێ خەتایە.



## ٢٩

# سـوتـان

نزیک یەکتر و زۆریش دوور دانیشتووین
دەست لەناودەست،
پەرۆش و شەرمن.
من دەتخۆمەوە و تۆش نوێژم بۆ دەکەیت،
من قوربانی تۆ، تۆش شێتی من.
نە ناو ناوی خۆتە،
نە وێنەش
بەس دەزانم بۆم دەسوتێت،
ئەی بەوەفاترین ژن.



# ٣٠

## لـێف

دڵم گەشایەوە، وامزانی یەک دەقەیە تۆون بوویت،

چوویت ئاوێکی فێنک، بە زەیتونی چاوەکانی دابکەیت.

دڵم خۆش بوو، گوتم نەخەوتبوو، نامەکانی منی دیوە،

یەک دەقەیە رۆیشتووە، بۆنێک لە پەنجەکانی بدات.

پەنجەکانی بۆندار دەکات،

نەخەوتووە، چاوەڕوانی من دەکات،


بەنیازە نامەیەکم بۆ بنووسێت.

بەڵام! کە سەیرم کرد، نەک یەک دەقەیە، یەک سەعاتە،

ئەوژنە رۆیشتووە،

تا لەبن لێفەکەی لەگەڵ پیاوێکی تربخەوێت.





## ٣١

## خــەو

ناخەوم،
 تا تۆ نەمخەوێنیت!
ناخەوم،
من ئیمشەو، تا تۆی چاوزەیتونی
من نەکوژیت!
چۆن بخەوم،
ئەگەربزانم شەو،
تۆلەگەڵ یەکێکی تردەخەویت!

## ٣٢

# پـیـرۆز

گیانە! بۆیە خۆتم لێ دەشاریتەوە
وەک کۆتر، گمەیەکیش ناکەیت،
تا من ببمە باران و تەڕت کەم.
گیانە! بۆیە وەڵامم نادەیتەوە،
وەک دڵت ترپەیەکیش ناکەیت،
تا شەو، من بێمە خەونت، لەو خەوەش دڵت نەرم کەم.
گیانە! بۆیە چوویتە بەرپەنجەرە،
تا من بێم، لەگەڵ سڕینەوەی جامەکەی
دەستم بە ڕوومەتت پیرۆزکەم.



٣٣

## شـیلـە

تۆوادەزانی دڵم ئاسنە،

بەردە، وا گڕی ئاگری تێ بەردەدەیت.

تۆوادەزانی من قوتابییم هاتووم،

تۆرۆژانە کۆمەڵێک پرسیاری گرانم لەبەردەم ریزبکەیت.

تۆنازانی، من دڵم پەپوولەیە، بە ناسکی لەسەرقژودڵت

هاتووە هەڵبنیشێت وشیلەت بمژێت.



٣٤

# مـەزە

دەزانم ئێستا بەناو، خەوت لێکەوتووە،
بەڵام لەراستی،
سەرت لەسەرسەرینە، بەسۆزەوە وەک من، دەگریت!
دەزانم ئێستا لە من تووڕەیت،بەڵام، دوو سێ کەس، لە ماڵەوەتان،
وەک ژنەکەم، هەستدەکەن تۆش، بۆکەسێکی دووردەژیت!
دەزانم تۆ مەلاکی منی، بەرلەوەی خودا بەرەو دۆزەخم ببات،
من لە ئاگرت دووردەخەیت.
دەزانم تۆ، ژنێکی چاوت زەیتونە و
دانە دانە بۆم دەکەیتە مەزە،
تا تروسکایی چاوەکانم نەکەویت.



٣٥

# خـۆزگـە

خۆزگە سەرمات دەبوو بۆ گەرمی هەناسەم دەهاتی
خۆزگە برسیت دەبوو بۆ نانی دەمم زوو دەهاتی
خۆزگە منداڵ دەبووی بۆ ناوێکی نوێ دەهاتی
خۆزگە ئازا دەبووی تا سەرپردەکە،
بۆ پێشوازییم دەهاتی
خۆزگە کاتت زۆر دەبوو،
بۆ نووسینی رۆمانێکی درێژ دەهاتی
خۆزگە نیوەت بۆ ئەوان،
بە نیوە جەستەت بەخۆشحاڵییەوە بۆ من دەهاتی.



٣٦

# بگەڕێوە

قسە بکە،
بڵێ لەبەرتۆیە من ناخەوم،
قسە بکە،
مەترسێ و بڵێ بۆ تۆیە دڵ و هەناوم،
بنووسە بۆم و بڵێ بۆ تۆیە،
ڕووناکی هەردوو چاوم،
پرسە و مەترسە بڵێ،
کە تۆم ناسی زۆر گۆڕاوم،
داوا بکە و بڵێ،
بگەڕێوە، وەرەوە، من بۆ دیمانەت زۆر تەنگاوم.



## ٣٧

# فریشتە

ئیمشەو چوومە دۆزەخ لەگەڵ ئەوژنە،
ئیمشەو،
هەردووکمان دووربووین لە بەهەشت.
دۆزەخم پێ سەیرانە،
چونکە لەبەرفریشتەیی ئەو،
خودا
منیش دەبورێت لە هەمووشت.



# ٣٨

# بۆنم بکە

دوو ڕۆژە، یان دوو ساڵە تۆ بە منت نەگوتووە
هاوڕێیەکی ئەزیزی منی،
منیش لەدڵەوە پێت بڵێم درۆیە،
دوو ڕۆژە، مەلاک، نازانم لەسەرئەرزی یان چوویتە ئاسمان
یان هەردووکمان بۆ دیدار،
دڵمان بەسۆیە،
دەرکەوە، خۆت مەشارەوە،
بۆنم بکە!
خۆم و دەنگ و سەرم تەنها بۆ تۆیە!

٣٩

# فـرۆکـە

ناخەوم ئیمشەو،
نەوەک گورگ بتخوات،
بۆیە دەڵێم، لە هیچ شوێنێ مەخەوە،
ئەگەرشوێن و سەرینت نزیک من نەبێت.
نارۆم،
نەوەک جانتاکەت بکرێتەوە و وێنەیەکی من دەربکەوێت
بۆیە دەڵێم: با دەستت، لەناو دەستی من بێت.
قسە ناکەم،
تا دەگەمە ناو فرۆکەش، نەوەک تۆ بگریت و
بڵێت با منیش، وەک جانتاکەی دەستی، لەگەڵ خۆی بەرێت.



٤٠

## مـەرگ

شەوی جەژنە،
چاوەڕوانم خۆت بڵێیت
وەک جەژنانە،
فەرموو ماچم بکە.
بارانە،
من دەمەوێ بەیەکەوە لەبەرباران تەڕبین،
تا تۆ بڵێیت:
بۆ ئەوی وشک بینەوە، توخوا پشتم تێکە.
شەوێک تووڕەیی، یەک ساڵ تەمەن کورت دەکات،
تووڕە مەبە ئەگەرنا، مەرگ، سڵاومان لێ دەکە.



٤١

# پـیـاو

تۆ دەخەوی،
من خەوم دەڕوات،
نازانم بۆ!
من زۆر پیاوو مەردانە نیم لەگەڵ تۆ!
نیشانم بدە،
ئامرازێکی خۆت ،
تاقیم بکەوە،
من دەمەوێ ببمە ئاو لەناو هەناوی تۆ!



٤٢

# ماسی قرش

شەوە،

وەرە بچینە سەر ئەستێرەیەک،

شەوە ،

وەرە، ئەگەر بەیەکەوە بین

کەس دەستی من نابینێت،

کەس لێوی تۆش.

ئەگەر ئیمشەو تۆ بخەویت، من شەڕێک لەنێوان

ئەستێرە و بروسک پەیدا دەکەم،

سەرینت دەکەمە بەرد،

مێردەکەت بە ماسی قرش.



٤٣

## تەمەن

بێ بەشم مەکە لە ناز،
نازلە باوەشی تۆ، هەڵدەگرمەوە
بێ کەسم مەکە،
بەس لە تۆ، شارێک خزم دەدۆزمەوە.
بێ ژنم مەکە،
من لە ژنیەتی تۆ، پیاوەتی خۆم دەخوێنمەوە،
بێ شەوم مەکە،
بێ رۆژم مەکە لەگەڵ تۆ،
ساڵ و مانگ و تەمەن، هەتا ژیانیش
سەرلەنوێ بۆ خۆم دەنووسمەوە.



٤٤

# خـەم

ئەگەرلەودەمانە تۆ،
شەرابی ناو دەستم دەبوويت
دەزانی! چۆن لێوتم دەخواردەوە.
لەگەڵ هەرقوومە شەرابێک،
زەيتونی چاوتم،
لە گرەوی رووومەت و گەردەنت دەبردەوە،
لەگەڵ هەردانەيەک لەوزەيتونە،
خەمی ساڵەکانم،
لە تۆی خەمباردەکردەوە.



# ٤٥

# ئاسمان

تازە من ئاسمانم!
کە زانیم فریشتەیەک لەسەرشانم نیشتووە،
تازە زانیم من وڵاتی یونانم،
کە زانیم ژنێک زەیتوونی لەناو دەستم چاندووە،
تازەم زانیوە من عاشقم،
کە زانیم ژنێک، بەشەووبەرۆژ،
بۆ دیدارم مردووە.



٤٦

## هەناسەم

تووڕەی کە من سێ هەفتە
واتدەزانی چرایەکی رووناکم بۆ ئەوهەڵدابوو،
تۆش ئارەقەت هەڵدەڕشت و
پرسەت بۆ حاڵی من دانابوو،
بڕوا بکە، یەک چرکەش
رووناکییم نەدی چونکە هەردوو چاوم توند بەسترابوو.
بە دەنگی تۆ دەکرێمەوە
قسە بکە وبڵێ،
بێ تۆ گیانە هەناسەم هەرنەمابوو.



٤٧

## خاتووزین

که تووڕه دەبیت من دڵشادم
بێ من دڵشاد بیت، من زۆرتووڕەم!
دووربین نزیکن،چونکه، به نزیکی زۆرباش دەبینه هاودەم!
گیانه، بنووسه من تۆم هەندی ئەو، خۆشدەوێ
ئینجا، تۆ دەبیته خاتووزین و منیش به مەم!
گریاوی که دەڕۆم، زۆریش فرمێسک برێژه،
که من، به نووسین و به چاو، قسەت بۆ دەکەم!
چەندجاروتم داوەتم بکه، دێمه ژوو انت
خۆشه بەم دەمولێوه من ماچی گەردەن و سینەت بکەم!

٤٨

# نـوێـژ

کە گوتت تۆ دڵی منی،
دڵم، پێویستی بە حەب و دەرمان نەما،
کە فەرمووت، شێتی تۆم، شێت بووعەقڵم.
دڵە سەلامەت و عەقڵم شێت،
سەرفرازو شکۆدارم، چونکە گەیشتمە دەرمانێک بۆ دڵم.
ژنەکە، دڵی شێتێک بشکێنیت
هەموو نوێژو رۆژووەکانت دەفڕین، وەکو هەڵم.
دەست لەسەرسینگت تۆبە دەکەم،
دەم لەسەررووومەت نوێژدەکەم، دڵداری وا خۆشە گوڵم!

٤٩

## پەنجە

گوڵت دانا بۆ من،
خۆت گوڵێکی پەمبەی!
بەو گوڵە،
دەتەوێ دڵ و قەڵەمم بۆ خۆت ببەی!
بۆ تۆیە دڵەکەم،
بەوەش قەڵەم، وەک پەنجەت لەناودەستم نەرم دەکەی!
نەرم بە، شل بە، هەرگیز لە داواکانم سڵ نەکەی!
شەرم مەکە و بڵێ،
ئازابە، فەرموو دەتوانی من بۆن بکەی!؟



## ٥٠

# نـــاو

ئەگەرمن تەنها هاوڕێیەکی نزیکی تۆم
بۆ نازانم ناوی خۆت و باوکت چییە!
ئەگەرمن هاوڕێیەکی ئاسایی تۆم
بۆ نازانم ڕەنگی ئوتومبێلەکەت
سپی، پەمبە، یان زەیتونییە!
ئەگەرمن تەنها هاوڕێ تۆم،
ئەڤینت نیم
بۆ بەدرێژایی ڕۆژ، لەبەریەکتری ئاگامان لەکەس نییە!



٥١

## کـۆتـر

ماسیگرە باریکە پەرێشانەکە
لەو ئاوە ئەنگوستیلەیەکم ونکردووە!
ئەگەر دۆزیتەوە،
پارچەیەک جەرگم بۆ تۆ.
کۆترە باڵ نەرمەکە
یەک دێری نووسینم بەرە بۆ ئەوژنە
کە گەڕایتەوە
قژم با ببێتە هێلانە بۆ تۆ.





پەنجا و یەك كورتە راز

نوسینی

Sherzad Heini

2020/5/20